

# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنیی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها.

**ژمارە٣٢ـ ٢٦ی گەلاوێژ ٢٧١٨**

■ **چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**

موحسین سوبحانی
پەروین شێخی
ناسر فەتحی
شەرمین سالحی
بیژەن ڕەحمانی
زانا شەریفیان

■ **بەتامی چیرۆک:**

لاپەرە ١٩ ...

■ **وێنەی ڕووبەرگ:**

Michael Kulke

■ **ئامادەکاران:**

ئەمیر سیراجەدین
ناسر فەتحی

| RAWEZHISM

# چیرۆکەڵە

**حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها.**

- چیرۆکی کارگەیی
- بە تامی چیرۆک


• ئامادەکاران:
ئەمیر سیراجەدین
ناسر فەتحی


٢٦ی گەلاویژ ٢٧١٨

ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی؛ لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم

## "پەتای باو"

ئەو بەیانییە کە هەستام، سەرەتا هەموو شتێک ئاسایی بوو. وردە وردە شتەکان دەرکەوتن. هێشتا لە نوێنەکەم جیا نەبوومەوە کە هەستم کرد چاوانم نابینن. وامزانی چاوم نەکردۆتەوە. قەیرێک بە هەر دوو دەست چاوەکانم هەڵگلۆفی. سوودی نەبوو. خێرا لە جێگەکەم هەڵپەڕیم. بێقەرار بووم. ویستم دەرگای ژوورەکە بدۆزمەوە نەمتوانی. چەند جار لەسەریەک بانگم لە دایکم کرد. هەتا دایکم گەیشت هەستم بە شتی تازەتر کرد. ئێستا هەر دوو گوێشم کپ ببوون. هەتا چرکەی سەعاتی ژوورەکە و جیرەی ئەو دەرکەی دایکم بە شڵەژاوی کردیەوە نەهاتە بەرگوێم. بە بیستنی دەنگی ترساوی دایکم زانیم پشتم لە دەرگاکە کردووە. کە وەرگەڕام دایکم دیتەوە. هێندەی پێنەچوو برا بچکۆلەکەشم لە تەنیشتی دایکمەوە خۆی پەستاوتە ژوورەکەوە. ئێستا ئەمتوانی هەم ببینم و هەم ببیسم. پێم سەیر بوو. بۆ چەند چرکەیەک هەر دوو هەستەوەری بینایی و بیستنم لەدەستدابوو.

ئەمە سەرەتای ئەو نۆبەتە ئازارهێنە گەورەیەی ژیانم بوو کە تووشی هاتبووم. سەرەتاکانی هەر ماوە جارێک ڕووی تێدەکردم. هەستی بیستن و بیناییم نوقسان ببوون. دواتر نۆبەتەکە ڕەوتێکی خێراتری گرتە خۆی و هەتا هەستی چەشتنیشی گرتمەوە و وەک بەشێکی هەمیشەیی ژیانمی لێهات. وایلێهات کە باوک و دایکم هەمیشە و لە هەر شوێنێکدا برا بچکۆلەکەمیان دەخستە تەکم. جارجارێ کە براکەم لەگەڵم نەبوو، وەک شەیتانێک لە پشتی نەستمەوە خۆی لێشاردبێتمەوە، نەخۆشیم دەبزووت و کوێر و کەڕ و بێهەستی دەکردم. شتێک کە ئیدی نەمدەتوانی بێ چارەسەر بیهێڵمەوە. کە چوومە دوکتۆر، تێکڕای دوکتۆرەکان سوور بوون لەسەر ئەوەی ئەمە نەخۆشییەکی دەگمەنە لە شێوەی پەرکەم و هۆکارێکی بایۆلۆژیکی بۆ نییە و پێشتر نموونەی لەو شێوەیە لە هیچ شوێنێک تۆمارنەکراوە و بێگومان لە ئێستادا چارەسەرێکی زانستیشی بۆ نییە. ئەمە ئێجگار دڵنیگەرانی کردم. بڕوا نەکردنی خەڵک و بێباوڕی بنەماڵەکەم بە نەخۆشییەک کە تەنیا لە کاتی دەرکەوتنی کەسێکدا لە کۆڵ دەبۆوە و وەکوو گاڵتەجاڕی من بە خەڵک سەیر دەکرا، وایلێکردم بۆ خۆم بۆ هۆ و چارەسەرێک بگەڕێم. سەرەتا هۆکار و دەرکەوتە هاوبەشەکانی هەموو ئەو نۆبەتانەی ڕوویتێکردم پێکەوەم بەراورد کردن. شتێک کە جێی سەرنج بوو ئەوە بوو کە لە هەموویاندا بە دەرکەوتنی مرۆڤێک هەستم دەگەڕایەوە. هەر بۆیە بە هۆی نەخۆشییەکەمەوە هەمیشە حەزم لە قەرەباڵغی بوو. بازاڕ ئەو شوێنە بوو کە

کەمترین ئیحتمالی نەخۆشییەکەمی تیا دەردەکەوت. بۆیە زۆربەی کات بۆ هەلاتن لەو حاڵەتانە ڕووم دەکردە بازاڕ. من کەسێکی وەسواس بووم بە چاولێکەری زۆرەوە. ئەو شەوە کە لەگەڵ هاوڕێیەکی نزیکم چووین بۆ ئەوەی لەو تیشێرتەی ئەستێرەی تۆپی پێ "کریس ڕۆناڵدۆ" لە وێنەیەکدا لەبەری کردبوو و بووبوو بە مۆد، بیکڕمەوە و قژم وەک هەمیشە بە شێوەی ئەو کورت بکەمەوە و دایبهێنم، گەورەترین تاڵەداوی نەخۆشییەکەم کەوتە دەست. دواتر کە لێی ورد بوومەوە و ئەو حاڵەتانەم پەیوەندی دا بە هەستە دەروونییەکانمەوە زانیم کە دوای هەر جارە نادڵنیایی و چاولێکەری و بێبڕیارییەوە تووشی ئەو نەخۆشییە دەبووم کە خۆم ناوم لێنابوو "گەشکەی هەست".

ماوەیەک بە شێوازی جۆراوجۆر ئەو شتانەم تاقی کردەوە کە لەبارەی نەخۆشییەکەمەوە دەستمکەوتبوو. ئێستا دڵنیابووم هۆکاری نەخۆشییەکەم شتێکە لە پەیوەندی بە ئاکار و ڕەفتاری ڕۆژانە و دوور و نزیک پەیوەندی بە پێکهاتەی جەستە و زەمینەی ئێرسییەوە نییە. ئەمە وایکرد ئیدی خۆم کاتی نۆبەتەکانم دابنێم و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا کۆنترۆڵی "گەشکەی هەست" بە دەستی خۆم بێت.

دوای ئەو هەموو ساڵە و لە دوای ئەوەی لە کۆلێژی دەروونناسی دۆکتۆرام وەرگرت خاوەنی کلینیکێکم بۆ چارەسەری "گەشکەی هەست". نەخۆشییەک کە زۆربەی خەڵکی ئەم شارە تووشی هاتوون و لێی بێئاگان.ئەو پەتایە کە مرۆڤ تا چاوی خەڵک بە دیارییەوە نەبێ چاوانی نابینێ، هەتا گوێی خەڵک نەبێ حەرفێک چییە نابیستێ، هەتا چێژی خەڵک نەبینێ تامی شتێک نازانێ. ئەمێستا بە دەیان نەخۆشی لەو جۆرە دێن بۆ چارەسەری کە چاوی خەڵک کوێر و مجرۆی کردوون و گوێی خەڵکانیتر کەڕ و کپی کردوون و چێژیان لە زاری ئەوانی دیدایە.

▪ موحسین سوبحانی

## "هاڵاو"

- بۆ کوشتت؟

- جیکە جیکی زۆر دەکرد،بە دەنگە دەنگ ناڕاحەتم.

- خۆ زۆرن لە حەوشەکەتان دەنگیان لێوە دێت؟

- ئاخر ئەوان لە بەرچاوی هاوسێکانن و ئەوەی هاتبێتە حەوشە دیویانی.

- دەی ئەمیشت نیشانیان دایێ بۆ دەت کوشت؟

- هەرچیم کرد کەس نەیدی و پێیدا هەڵبلێ،خۆشی هیچکات نەیتوانی باسی من کات.

- دەی ئەو خۆ ناتوانێ قسە کات؟

- تاوانی خۆیەتی.

- بۆ سووتاندت؟

- ئاخر منداڵێکی هاوسێمان دیبووی هەواڵی لە دایکی دەپرسی،هەرچیم کرد زیندوو نەبوو بۆ ئەوە ئاسەواری نەمێنێ سووتاندم.

- لە "با" ناترسی هەواڵی بەرێ؟

- "با" ئەی هاوار بێژی خەڵک بێژن چی؟

▪ زانا شەریفیان



Nikola Serafimovski

## "تەسک"

چەن گەرمە ئەم بن پەتووە، کولام.

چی ئێژی ئەوە ناتوانم لای بەم خۆ هەروا نیە بە لاشانا ئەخەوم دواوەم ڕووی دەکەوێتە ئەوان.

لێم گەڕێ ناتوانم بجووڵم ئەوەندەم فشار بۆ هاتە هەر مەپرسە.

چی؟ناتوانم بڕۆم نیو ساعەت لەوە پێش چبووم دیسان بچمەوە ئێژن ئەشا ئەو کچە دایمە بە ڕێگای دەسشوورییە؛ئا ئا ئەتوانم یان ڕایدەگرم یان دەیکەم بە خۆما پێشتریش چەن جار وابووە کردوومە بەخۆما با نەم بینن کە ئەچم.

وست بە وست کەم بڵێ بۆ ئەوەندە بەرز قسە دەکەی ناڵێی ئەوانەی دیکە قسەمان پێ ئێژن و ناونیتکەمان لێ دەنێن.

نازانم لەبیرم نایات چۆن گەیشتمە ئێرە.

ڕەگی پام گرتی نەمتوانی پا خەمە سەر پلیکانەکان ئیتر بە پشتا کەوتم.

نا شتی وا نەبووە، ئەوان گوناحن من دەتوانم یاریدەیان دەم، بۆ هەمووکەس هەر وابووم، چون من کچی چاکم، هەموو وادەڵێن، کام پێکەنین؟!

ترسی پێکەنینەکانی پشت سەرم بوو.

دەمویست بێدەنگیان کەم.

نا

نا

وانەبوو من کچی چاکم.

دایکم؟ جوان لەبیرم نیە.

دایکم!!

دایکم لە دەرێ بوو بەر درگای خاوێن دەکرد،ئاخر باوکم بەردی داناوە بۆ دانیشتن شەوانە هاوسێکانمان دێنە ئەویا دادەنیشن و توو دەخۆن بەڕۆژا دایکم خاوێنی دەکات.

چی؟! جا چۆن شتی وا دەبێت عەیبە هاوسێن بۆ ئێمە خراپ بین با هەر ئەوان خراپ بن.

- ئەی خودا هاوار،پرستار دا وەرە دایکی ئەو کچە بانگ کە وەڵا شێت بووین لە شەوە ورتەی دێت،بۆن کوشتمانی بێ بەلامانەوە.

- ئای ببەخشن ئەوە لای دەبەین،تەختەکەی دەگۆڕین،دەیبەینەوە بۆ ماڵەوە،موزاحم بووین،ببەخشە.

دوکتەر گیان چی بوو،بیبەینەوە؟

- خانم دەبێ زۆری ئاگادار بن توانای قسە کردنی نەماوە.

▪ زانا شەریفیان



Ahmad Hadidoun

## "شەبەنگانە"

من کەسێکی زۆر خۆبەخشم. هەمووکەس ئەوە دەزانێ، پێویست ناکات بیسەلمێنم. لە هەموو ڕوویەکەوە خۆبەخشم. ئەگە چەند نموونەیەک بێنمەوە لەوانەیە باشتر تێ بگەی:

ئەورۆژە لەگەڵ هاوڕێیان وێنەیەکمان بۆ بیرەوەری دەگرت، وێنەگرەکە بە شەماڵی گوت یەکتۆز وەرە نێو چوارچێوەوە دەنا لایەکی سەرت دەقرتێ؛ ئیدی من جێی خۆم لەگەڵ شەماڵ گۆڕییەوە و ئەم گوێچکەیەی لە گۆشەی چەپی وێنەکەدا دەیبینی گوێچکەی من لە دۆخی خۆبەخشیدا.

وریا پێیوابوو من بە درۆ دەڵێم لە ژیانم دا هیچ سنوورێک ناناسم. ئیدی دوای ئەوەی تاقی کردمەوە ئاوام لێ هات؛ شەش تەقەڵیان لێداوم. ناوێرم لە شتی ئاوەکی زیاتر بخۆم، تا چاک دەبمەوە، دەبێ بەپاش و بە پێش میز بکەم.

شەرمەزارم خوردەم پێ نییە، ئەوەی ڕاستی بێ هەر پارەم پێ نییە، پێرێ کەماڵ داوای لێکردم، هەرچی پێم بوو دامێ. دوایە زانیمەوە داویەتی بە قەحبەیەک و قاحبەکەش پارەکەی لێ خواردووە!

دەزانی چۆنە، خۆبەخشی لەگەڵ نۆکەری موویەکیان بەینە. جاری وایە سنووری نێوان خۆبەخشی و نوکەری هێندە لێک نزیک دەبێتەوە مرۆڤ چەن جار ئەم دیو و ئەودیوی سنوور دەکات هەر هەستیش پێ ناکات.

ڕاگرتنی دڵی خەڵک یەکەمین و دوایین ئامانجی ژیانی منە. تۆ بڵێ دایکەنە! تۆ بڵێ بمرە! تۆ بڵێ بکووژە! تۆ بڵێ، دە بڵێ هەرچییەکی پێت خۆشە بیڵێ، با بۆتی بسەلمێنم!

بڵێ با شێعرێکت بۆ بنووسم؛ باوەڕکە شێعرێکت بۆ دەنووسم پڕ بێ لەو قسانەی دەڵێ، ژنێک لەمن دا بەڕێوەیە، پیاوێک لە مندا دووگیان دەبێ! جا ئەوانە هیچ نین، سواون، شتی زۆر دەگمەنت بۆ تێ دەهاوم، بۆ نموونە، حەیرانێک لە مندا بەحەیرانت دەبێ!

دەنا حەز دەکەی با چیرۆکێکت بۆ بنووسم و هەر خۆشم ڕەخنە و پێهەڵدانێکی دوور و درێژت بۆ بنووسم. وابێ لەخۆشیان چیرۆکت پێوە بەند نەبێ! حیزبێک دانێ، بەتاقی تەنیا ڕۆڵی هەزار پێشمەرگەت بۆ دەگێڕم. سەربەخۆیی ڕابگەیەنە با بچم بە دەستی خاڵی کەرکووکت بۆ بگرمەوە.

جوان چاو لە چاوم کە! تۆ هێشتا منت نەناسیوە! تف هوو هوو! جیڕ جیڕ...

▪ ناسر فەتحی




Esther Garcia

## "ماڵی مێرد و نۆ مەن خوێ"

هەموو ڕۆژێک کاتێ لە قوتابخانە دێتەوە جانتاکەی زرم لە عەرزی

دەکوتێ و لچی هەڵدەقورچێنێ و دەگری و دەڵێ:" دایە خانم هاوڕێکانم دایکیان بە ماشێن دێن بە شوێنیاندا تۆ بۆ فێر نابی؟!

دەبێ فێر بم بە تایبەت لەو دۆخەدا' ئیستەخر چوون و دوکتۆر و,,,,

تەمەنم نۆزدە ساڵ بوو دیپلۆمم وەرگرتبوو لە بنە ماڵەیەکی سوننەتی و خان خانیدا پەروەردە ببووم'

باوکم دژ بە خوێندنی کچ و دایکیشم تەواو پێبەندی نەریتی ئاغایەتی و عەیبە عەیبە بوو!

وەکوو کاکم گوتی:"ڕیکۆرداری سەواد و شوو نەکردن تا ئەو تەمەنە لە نێو خوشکەکانمدا بووم ئێمە شەش خوشک بووین باوکم پێیاندا هاتووە و لە تەمەنی سێزدە ساڵەوە بە شووی داون و هیچکامیان بە پازدە ساڵان نەگەیشتوون چوونەتە ماڵی مێردا!

منیش بە زۆر تا ئەو تەمەنە خۆم ڕاگرتبوو باوکم هەر ڕۆژێ کەسێکی بۆ هەڵدەدام و بەردەوام هەڕەشەی دەکردو دەیگوت:" ئەوە پێت دەڵێم لە دەرس و زانستگا خەبەرێک نییە لەو بیرەش وەرە دەرێ کە پێت وابێ ئێزن دەدەم لە وانەی فێرکاری مۆسێقا و شۆفیری و ئەو تڕ و تەڕەماشانە بەشداری بکەی!

دایکیشم بەردەوام ئامۆژگاری دەکردم دەبێ فیری نان و چێشت لێنان بی دەبێ بزانی ترشیات و ڕوب چۆن ساز دەبێ ماڵ هەڵگرتن چۆنە و منداڵ بە خێوکردن ئەرکی زۆرە بەس خۆت لە کار بدزەوە سبەی ڕۆژێ دەچیە ماڵی مێرد ماڵی مێردە و نۆ مەن خوێ!

باوکت حەقی بوو دەیگوت;کچ کە دەرسی خوێند دەبێتە کەڵەگا' خوشکەکانت نەیانخوێندووە زۆر لە سەرەخۆ و ماقووڵن تۆ سەرەڕۆی دڵنیام ئابڕوومان دەبەی!

چبکەم دایە گیان من ناتوانم وەکوو خوشکەکانم بیر بکەمەوە دنیایەک ئاوات و خولیام لە زەین دایە پێم خۆشە ببمە گۆرانی بێژ' مۆسیقاژەن' فێری شۆفیری ببم بە دڵی خۆم بگەڕێم هههه سەماشم زۆر پێخۆشە!

باشە باش کەرەکەر مەکە هەر بە ڕاست تۆ بڵێی لە من بووبێتی؟!

باشە تۆ بڵێ گوناحی من چییە کچی حاجیم!

بە پێچەوانەی خوشکەکانم من کچێکی شاد و سەرحاڵ و شلووق بووم نیوەڕۆی ڕۆژێکی گەرمی هاوین بوو شادی هاوڕێم زەنگی لێدا و گوتی:" من ئێستە دەچم بۆ کلاسی وانەی مۆسیقا و گۆرانی تۆ نایەی؟"

هەناسەیەکم هەڵکێشا و گوتم من؟ زۆرم پێخۆشە بەڵام,,,نەیهێشت قسەکەم تەواو کەم گوتی:" بیانوو مەهێنەوە بە مامۆستام گوتووە تۆ دەنگت خۆشە و عاشقە مۆسیقای!

گوتم بڕوا ناکەم بتوانم بێم یانی ئێزنم نییە! هەی هوو کچێ دڕۆیەک ساز کە و وەرە دەرێ کێ دەزانێ بۆ کوێ دەچی من درەنگم دەبێ گورج ساز بە کەوتمە خەیاڵ و وەسوەسەوە هەڵێکی باش بوو با خۆم دەرباز کەم هەموو خەوتوون کەس ئاگای لێنییە تا کاتی خۆی دەگەڕێمەوە تەنیا با ئەو جارە بچم دواتریش,,, بە پرتاو هەستام و خۆم ساز کرد و چوومە کۆڵان تووشی دادە مەنیجی جیرانمان بووم خۆم گێل کرد گوتی سەبری ئەوە بۆ کوێ بەو نیوەڕۆیە؟! گوتم باوکم هێندێک ناساغ بوو دەچم حەبی سەرهێشەی بۆ دەکڕم بە سەرسوڕمانەوە خێسەیەکی لێکردم و ڕەت بوو گەیشتمە بەر دەرگەی کلاس شادی وەدرکەوت کە چووینە ژوورێ لە ڕێڕەوی دەفتەری شووڕای شار ڕەت بووین لەپلیکانەکان وەسەر دەکەوتین لە ناکاو سەر و سیستمی مەلاکەریمی جیرانمان پەیدا بوو بۆ خۆ دەرباز بوون نەدەبوو تەواو بەرامبەر بووین سڵاوم لێکرد وڵامی داوە وەعەلێکمۆ سەلام کچی حاجی! تۆ و ئێرە زمانم لاڵ بوو قسەم بۆ نەدەهات تفم قووت دا و بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتم لە گەڵ هاوڕێیەکەم هاتووم عەینەکەکەی هەڵکێشا سەرێ و بە سەرسوڕمانەوە

چاوی تێبڕیم و گوتی:" حاجی خەبەری هەیە تۆ لێرەی؟!"

گوتم نا خەوتبوو دایکم دەزانێ لێرەم' شادی تێیکوتام و گوتی درەنگە با بڕۆین' مەلاکەریم شاقەلی عەباکەی کۆکردەوە وگوتی قەزائەن ئەوە دەچمە خزمەت باوکت بزەیەکی تاڵ لە سەر لێوە ئەستوۆرەکانی نیشت و بە پرتاو لە پلیکانەکان ڕۆیشتە خوارێ!

شێت بووم گوتم شادی من دەگەڕێمەوە هەر ئێستە بە باوکم ڕادەگەیەنێ واز لە من بێنە شادی گوتی:"مەترسێ شۆخی کرد ناچێ' بەدەم قسەوە گەیشتینە بەر دەرگەی کلاس ڕۆیشتینە ژوورێ' هەموو شت بە دڵی من بوو تێستی گۆرانیان لێ وەرگرتم لە ئەزموون دەرچووم و مامۆستا زۆری بە دڵ بوو!

هێندم خۆش لێگوزەرا ئاگام لە کات و زەمان نەبوو ئێوارێیەکی درەنگ وەخت بوو بە شۆخی و پێکەنین و گاڵتە لە گەڵ شادی لە کلاس هاتینە دەرێ کە گەیشتمەوە کۆڵانی خۆمان لە دوورەوە چاوم بە دایکم کەوت کە نیزێک بوومەوە سەرووڕۆی دایکم هەڵپزرکاو و شێواو بوو دادە منیج لای ڕاوەستا بوو بێ یەک و دوو هێرشی کردە سەرو پرچم و سیخورمێکی تێکوتام و تفێکی لە ڕووم کرد و پاڵی پێوەنام بۆ ئەو دیوی ژوورێ و گوتی :" هەی ئابڕوو بەرەی هەڵەو هەرزە جا تۆخودا ئەوە کارە ئەی هیچ و پووچ تۆ

کچی کێت پێدەڵێین بە قەرا کچی خاد منیجت پێناکرێ دەچێ بۆ کلاسی قورئان!

دڵنیا بووم مەلاکەریم کاری خۆی کردووە هیچم لە دەست نەدەهات چارم نەبوو تەنیا سەرم داخست و گریام!

شەو باوکم هاتەوە نێو چاوانی گرژ و تاڵ وەکوو ژەهری مار بوو هەر لە دەرکەوە وەکوو هەوری بەهاری گرماندی! دەیگوت کارم بە سەریەوە نییە تەنانەت نامهەوێ چاوم پێی بکەوێ سبەی شەو مەلاکەریم دێ بۆ خوازبێنی و بەڵێنم داوەتێ بۆ ماجیدی کوڕی بێ هەرا و بگرە و لە سەرەخۆ دەبێ  ڕازی بێ ماجید کۆرێکی بە تەمەنە و باش ئەو ئەسپە تۆرە رام دەکا!

ئەی هاوار ماجید؟! ئەو پیاوە پیرە؟!

پاش ماوەیەک کێشە و هەرا و بگرە ناچار بووم تەسلیم بم شەوی هەوەڵ ماجید توند رێکی کوشیم و گوتی:" جوان تێبگە ئەگەر لە ماڵی باوکت ڕەمەزانت دەگرت لێرە دەبێ شەشەکانیش بگری ڕێی هەڵبەز دابەزت نییە هیوادارم لە مەبەستم تێگەیشتبێتی!

لە ماوەی شەش ساڵدا بووین بە خاوەنی چوار منداڵ ئیتر سەبری ئەو سەبرییەی جاران نەبوو بێ دەنگ و ئەهۆن و لەسەرەخۆ هەمووم ڕازی کردبوون! پێنجومین منداڵ بە ڕێوە بوو تووشی نەخۆشی هاتم چوومە دوکتۆر گوتی:" ئەو منداڵە بۆ سلامەتیت کێشە ساز دەکا دەبێ لە باری بەری!ماجید گوتی شتی وا چۆن دەبێ من دەست لە کاری خودا نادەم منداڵ گەورەبوو و مانگی حەوتوم کەوتمە هیلاکی و بە پەلە لە نەخۆشخانە نەشتەر گەری کرام منداڵ تێداچوو و منیش لاقەکانم لە دەستدا!

کورم لە چی ڕاماوی درەنگە ناگەمە نۆرەی دیالیزەکەم پاڵ بە ویلچێرەکەوە بنێ ئەوە مەنی ئاخیری خوێیەکەیە دەیخۆم!!!

▪ پەروین شێخی



Esther Garcia

## "ئەو مریەمەی من دەیزانم"

دەستی لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگەکە ڕاگرتبوو. شانی ڕاستەی دەلەرزی. بۆخۆشی دەیزانی لە کاتی ژیانی هاوبەشی دا, مریەم قەت قەت بەدڵ لەگەڵی نەبوو. شەوانە کاتی خەوتن, مریەم پشتی تێدەکرد و ئەویش دەستی دەکرد بە قسەکردن; مریەمیش قەت گوێی نەدەدایە!

ئەوەندەی ئەو ئاگادار بێ; ئەوە دووهەمین جار بوو; مریەم وا بە زەبوونی, بەرامبەر بە تفەنگ ڕادەوەستێ. یەکەم جار ئەو کاتە بوو کە ماماغای, بەزۆری مریەمی برازای بۆ ڕازی کرد; تا مل بۆ ئامۆزاکەی داهێنێ.

بە زەبوونی مریەم لە بەرامبەر تفەنگ دا, زەبوونی خۆی وەبیرهاتەوە; کاتێک شەوی ڕەدووکەوتنەکەی مریەم, ڕەقیبەکەی, دەست و لاق و دمی بەستبوو! ڕقی ئەوشەوەش هانی دەدا زووتر دەسرێژ لە مریەم بکا. بەڵام زیاتر لۆمەی کۆمەڵگا, خستبوویە جەغزی بێ دەرەتانی و تان و پۆی مێشکی دەهەژاند.

لەگەڵ حوکمی ئاگری ماماغای, لە کاتێک دا, چاوی چەپەی قووچاندبوو; بە پێی یاسای نەنووسراوی نامووس, مریەمی خستە ژێر تەوژمی ئاگری تفەنگ.

▪ بیژەن ڕەحمانی



Mario Boh

## "نـــەکا"

دەمێکە لە بەر ئاوێنە وەستاوم، سەیری خۆم دەکەم؛ بەو مانتۆ تەسک و ترووسکەوە دەتهەوێ بچیتە دەر؟ ئێستە لە نێو کۆڵان چەن کەسی لێبێت؟ یەکێتر لە بەر دەکەم؛ حای حای ئەم سوورە زەقە، جا خۆ نیگای هەموو کەسێ دەڕژێتە سەرم، بە تایبەت ئامینە خانمی دراوسێمان کە هەواڵنێرەکان بە تۆز پێیا ناگەن، هێشتا ترامپ قسەکانی تەواو نەکردووە بۆ ژنانی گەڕەکی شرۆڤە دەکات، ئێستە دەڵێ بەم مانتۆ سوورەوە بۆ کوێ دەچێت، لێیگەڕێ سوورمەییەکە دەکەمە بەرم و نەجات، چیم داوە لە دەمی ئامینەخانم و ئەو نیگا تەوس ئامێزانەی کە لە سەد قسە ناخۆشترە. برۆت باریک نەکەیتەوە ها، ئەو ڕا پوورە پەروینت چی پێوتی. چی پێ وتم بیرم نایە؟

وتی: وامزانی شارا شووی کردووە و لە ئێمەتان شاردۆتەوە. باشە بۆ هێشتووتە وا لە برۆی بکات هەر لە ژن ئەچێ، ژنیان ژن وتووە و کچیان کچ.

ـ بۆ مەگەر ژن نیم؟ ژنم ئیدی وەک ئەم هەموو ژنە

ـ حەیرۆ ئەو قسە ئێستە کردووتە دووبارەی نەکەیتەوە حەیامان دەچێ، لە کەیەوە بە کچ دەڵێن ژن، هەر ئەوەمان کەم بوو ئەم قسەلۆکانەیشمان دواخەن. دایکم وەک زۆربەی خەڵک بڕوای وایە پیاو کچ دەکات بە ژن. بۆیەیش ئەگەر مێردت نەکرد هەرگیز نابی بە ژن؛ کچ بوونیش تا هەمیشە لە گەڵتایە، هەڵبەت لە گەڵ وشەگەلێترا، وەک پیرەکچ یا قەیرەکچ، بەڵام لە کۆتاییا هەر کچی و نابی بە ژن. ڕۆژلێوێکی کاڵ بە لێومیدا دێنم؛ سەیری ددانم دەکەم، تازەم وەبیر دێتەوە دوو ڕۆژە ددانم نەشۆردووە، فلچەکەم هەڵدەگرم؛ دەست بۆ دەستگیرەی دەرگاکە دەبەم؛ چ مانایەکی هەیە ددان شۆردن، ئێستە دەڵێن بۆ بەم دەمەو ئێوارە ددانی دەشۆرێ، نەکا بڵێن بە تەمای دیداری کەسێکم بۆ خۆشەویستی، نەکا وا هەست بکەن لە گەڵیان ڕاستگۆ نیم؛ لێیگەڕێ هەر وا دەڕۆم. سەرپۆشەکەم پرتەقاڵییەکی تۆخە لەو کاتەی کڕیوومە مانگێ دەگوزەرێ و ئەمە یەکمجارە بە سەرمیدا دەدەم، زەردەخەنەیەک بۆ ئاوێنەکە دەکەم و بەرە و لای دەرگاکە دەڕۆم؛ پرتەقاڵی و کتێبفرۆشی؟ نەکا وا بزانن بۆ میوانی دەڕۆم؛ خێرا دەگەڕێمەوە، سەرپۆشەکەیشم دەکەم بە سوورمەیی. ئەمجار دەڕۆم، لە ڕێڕەوەکە بیرم دەکەوێتەوە بۆنیشم لە خۆم نەدا، چەن پلیکانە دێمە سەرەوە، ڕادەوەستم، نا تازە ناگەڕێمەوە، نەکا وا بزانن بۆ شوێنێ تایبەت دەڕۆم. ئامینە خانم لە ڕووبەڕووی ماڵمان دانیشتووە، سڵاوی لێ دەکەم: چۆنی شارا گیان خێرە هەموو ڕۆژێ بۆ کوێ دەچی بەم گەرمایە، بەشەر ئەتاوێتۆ؟ شکوور دامەزراوی؟ بەو

قسەی ئامینە خانما بیرم دەکەویتەوە حەوت ڕۆژ لەمەوپێش بوو لە هەمان کاتا بۆ تماشای شانۆیە لە ماڵ چووبوومە دەر؛ هێشتا لەو خەیالام، مۆبایلەکەم زەنگ دەخوات، ولام دەدەمەوە، شۆفێرەکە نێوچاوی تاڵ دەکات؛ خانم بۆ ناونیشان دەگۆڕی دەزانی دەور دانەوە لەم شەقامە یاساغە و چەن دوور دەبمەوە تا بگەڕێمەوە؟ ببوورن بەڕێز تازە وا پێشهاتووە؛ نازانم لە ژێرلێوەوە چ دەڵێ، پێ بە گازا دەنێ و چاو لە قۆرتەکانی جاددە ناکات، عارەق هەموو گیانی خوساندووم، نەکا شۆفێرەکە پێی وابێ لە گەڵ کەسێ ژوانم هەیە وا بە تووڕەیی دەڕوات، زۆر خراپ لێدەخوڕێ، خەمی منداڵەکانی نێو کۆلانمە کە خەریکی یارین؛ کتووپڕ دەڵێ: خانم بۆ دەچی بۆ نەججاڕی ئیشت چییە؟ نازانم ئەم پرسیارە چ پەیوەندی بەوە هەیە؟ بەلام ولامی دەدەمەوە بۆ ئەوەی خەیالی خراپ نەکات؛ بەلام بۆ خەیالی خراپ نەکات؟ ئەو شۆفیرە و کاری گەیاندنی موسافیرە و من ناناسێ؛ لەوانەیە هەرگیز لە ژیانمدا نەیبینمەوە. بۆیە دەڵێم: چ پەیوەندی بە ئێوە هەیە کێ بۆ کوێ دەڕوات؟ تکایە کاری خۆت بکە! بەلام ناڵێم. دیسان دەپرسێت: ها خانم پرسیم کارتان بە نەججاڕی چییە؟ بەڕێز چەند قاپێکی تەختەییم دەوێ، بۆ وێنە" ئەو نەججارە بۆی درووست کردووم. خەیالی ئاسوودە دەبێت، منیش خوشحاڵ، بە درۆیە کە لە چەند چرکەدا بۆم ساز کرا و

زەردەخەنەم خستە سەر لێوی شۆفێر تاکسیە. دووکانی نەججارییەکە زۆر شپرز بوو، جۆرێ کە لە بەر تەختە و دار و کەرەسەی تایبەت بە نەججاڕی جێگەی دانیشتن نەبوو، کاک کاوە پەنجا ساڵ تەمەنی دەبوو، بەلام جیبا لە نەججارِی کاری پەیکەرسازی و شانۆیشی دەکرد؛ زانی قەرارە دەرهێنەرەکەیشی تا چەن خولەکیتر بێت بۆ لامان، زوو لە نێو تەختەکانا جێگایەکی بۆ دانیشتن ساز کرد؛ لە ڕووبەڕووما چوارپایەیەکی بۆ خۆیشی دانا و جگەرەیەکی داگیرساند؛ بە داگیرسانی جگەرەکەی قەڵس بووم، نەکا جلەکانم بۆنی جگەرە بگرێت، دایکم بۆزەنێکی عەجایەبە، نەکا بلێ...نا نا ناڵێ دایکم شتی وا ناڵێت. کاک کاوە کەسێکی ڕۆح سووک و قسە خۆشە بەلام وەک خۆی دەڵێ: ماندووم لە قورسایی باری ژیان. دەرهێنەریش هات، یەکەمجار بوو لە نزیکەوە یەکترمان دەبینی، بووین بە سێ کەس، سەیری مەیدانە قەرەباڵغەکەی بەر دووکانەکە دەکەم، خەڵکێکی زۆر چاویان لە نەججارییەکەیە، کچێک و دوو پیاو، ئاخۆ ئێستا ئەو خەڵکە چ بڵێن، نەکا بڵێن...تۆزێ چوار پایەکەم دەکێشم بەم لاوە کە خەڵکەکە دیار نەبێت، نا نا دەیکێشمە وە بەر چاوی خەڵکەکە؛ دیار بم باشترە! کاک کاوە سێ چایی دێنێت، سەیری چاییەکان دەکەم، یەکیان ڕەش و دووانیان بێڕەنگ. لێم دەپرسێ ڕەش یا

بێڕەنگ؟ بێڕەنگەکەی بەردەم دەرهێنەر هەڵدەگرم، نەکا شتێکی تێکردبێ و لە هۆشم ببات. شانۆنامەکەم دەدەم بە دەرهێنەرەکە، خۆشحاڵ دەبێت، گەرمی قسە کردن دەبین، هەوا تاریک بووە، دوازدە پەیوەندی بێوڵام لە سەر مۆبایلەکەمە، خێرا کتێب و شتەکانم دەخەمە نێو کیفەکەم و ماڵئاوایی دەکەم؛ چاو دەگێڕم تاکسی نییە، ماشێنەکان هەمووی شەخسین نەکا شۆفێرەکەی بۆ شوێنێترم ببات. تا وێستگەی تەکسی چارەکێک ڕێگەیە، ماشێنێک لە بەردەمما وەستاوە، نازانم سوار بم یا پانزدە خولەک تا وێسگەی تاکسی بڕۆم؟ هەوا تەواو تاریکتر بووە، لە وێستگەکە وەستاوم، تاکسیەکان یەک لە دوای یەک پڕ دەبن لە مۆسافیر؛ هەرچۆنێک بێت سوار دەبم. بیرم لە لای ئامینە خانمی دراوسێمانە بەڵکوو سەری لە پەنجەرەکەوە نەهێنابێتە دەر، نەکا بڵێ تا ئەم درەنگانە...کیفەکەم دادەنێم و لە خواررووی سێن دادەنیشم و سەیری پرۆڤەی شانۆ دەکەم، دەرهێنەرەکە هات و چوویە و نیگەرانی بە ڕۆخساریەوە دیارە؛

ـ گۆران ئاوا نابێ، تۆ خەریکی بە تماشاچییەکان دەڵێی من خەریکی یاریم، نابێ ئەو هەستە بە تماشاچی بدەیت؛ دەبێ بڕوا بکەن کە یاری نییە؛ لە کاتی یاری کڵاوەکەت داکەوت دامەنەوە بۆی، درێژە بە ڕۆڵەکەت بدە؛ سۆران تۆ دەبێ "هاشێک "مکث" بکەی ئینجا دیالۆگەکەت بڵێی؛ هێمن ئەم دیمەنە دووپات دەکەینەوە. دەرهێنەر لە سێن دێتە خوارەوە و بەرە و ڕووم دێت؛ سەرپۆشەکەم پرتەقاڵییەکی تۆخە و مانتۆکەم برێک تەسکە، بەڵام نیگەرانی ئامینە خانم نیم؛ هەوا ڕوو لە تاریکییە و ترسم لە ڕۆشتنەوە نییە؛ دەرهێنەر جگەرەکەی دادەگرسێنێت و لە ڕووبەڕووما دادەنیشێت، نەکا...

▪ شەرمین ساڵحی



Spyros Papaspyropoulos

**تێبینی:**
خوێنەرانی بەڕێز، ئەم چیرۆکانەی خوێندتاننەوە بەرهەمی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور" بوون ـ لە تێلێگڕامدا ـ کە زۆربەیان لە ماوەی چەن ڕۆژ و بۆ سووژەی حەفتانەی کارگە نووسراون. هەر کەمووکوڕییەکیان هەبێ، چ لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە، چ لە ڕووی ناوەرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکارانی ئەم حەفتەنامەیە بەپێویستییان نەزانیوە هەڵەبڕییان بۆ بکەن. چوونکە چیرۆکەکان کارگەیین و باش وایە قۆناخەکانی گەشەی ئەزموونگەرانەی نووسەران وەک ڕەوتێکی مێژوویی، بێ دەسکاریی بەرهەمەکانیان، وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە کەمووکوڕییەکان پێوەندیی بە ئاستی هەنووکەیی نووسەرانەوە هەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەرهەمە نوێیەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویان، دەکرێ دەرخەری کاریگەرییەکانی کارگەی چیرۆک بێ.

## کلێشەی یاساکانی خاڵبەندی و تایپ و مەرجە زمانەوانییەکانی بلاوکردنەوەی چیرۆک لە چیرۆکەڵەدا:

١ ـ لە سەرسەرەوەی ئەو دەقەی دایدەنێن بنووسن کە ئەوە "چیرۆک" ـە، "کورتە چیرۆک" ـە، "کورتیلە چیرۆک"ـە یان چییە!
٢ ـ حەتمەن ناوی چیرۆکەکەتان بنووسن، نەشتان نووسی، دەتوانن هێمایەک شتێک لەبری ناوەکەی دابنێن.
٣ ـ حەتمەن هەڵەی تایپی کارەکانتان چارەسەر بکەن!

٤ ـ تا ئەو جێگایەی لە توانای خۆتان دایە ڕێزمان و ڕێنووسی کارەکانتان درووست بکەن.
٥ ـ لە خاڵبەندی (ئاداتی نیگارشی) هەڵە و بێ جێ، کەڵک وەرمەگرن، مەگەر ئەوەی پاساوێکی تکنیکیتان بۆ بەهەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندییەکانتان هەبێ. بۆ نموونە: لە تێکستەکانتاندا لە سێ نوقتە زیاتر ....... هەڵەیە، بێ مانایە؛ مەگەر بە مەبەستی جێخاڵی (بۆشایی بۆپڕکردنەوە) بەکاری بێنن! دووخاڵبۆڕ (نوقتە کاما) یان سێ خاڵبوڕ، یان زیاتر، پێکەوە، هەڵەیە! وەک ئەمە: ؛؛؛؛؛! کۆتایی ڕستەکان پاراگڕافەکان نوقتەیان دەوێ! بۆڕ (کاما) لە زمانی کوردی دا زۆر گرنگە، چوونکە پێکهاتەی زمانی کوردی وایە، واتە شێوەڕستە (ڕستەی نیوەچڵ) ـی زۆرە و ئەگەر بە بوڕ و خاڵبۆڕ ڕستەکان لێک جیا نەکەینەوە بەدحاڵیبوون دێتەگۆڕێ. هێمای پرسیار(؟) بۆ ڕستەی سەرسوڕمانی، هەڵەیە. واتە هێماکانی پرسیار و سەرسووڕمان [!؟] لە جێی خۆیان بەکار بێنن، مەگەر ئەوەی ڕستەکە هاوکات هەم پرسیاری بێ، هەم سەرسوڕمانی. هێمای سەیر و سەمەرە و بێ مانای دیکە بێ هۆکار و بێ پاساو بەکار مەهێنن بۆ نموونە: ٌّٓ ٓ ٌَُ ٓ,,,/ ستیکێر یان ئەنیمەیشێن بەکار مەهێنن.

٦ ـ کاتێک دیالۆگ بۆ چیرۆکەکانتان دەنووسن بە هێمای تەقەڵ (خەتی تیرە) و لە سەرەتای ڕستەدا دیالۆگەکە دەست پێ بکەن، بۆ نموونە:
ـ تکایە تێ بگەن، ئەوە زۆر گرنگە.
ئەم هێمایانە بۆ سەرەتای دیالۆگەکان هەڵەن: [+ : > = ⁎]
٧ ـ ئەگەر لە کاتی دیالۆگ نووسێ دا گوتم، گوتت، گوتی (وتم، وتت، وتی/ ئێژم، ئێژی، ئێژێ) ـیت نووسێ پێویست ناکات تەقەڵی بۆ دیاری بکەی. تەنیا بە گیوومەی سەرەتا و کۆتایی قەوارەی دیالۆگەکانتان دیاری بکەن. بۆ نموونە:
لەکاتی دیاریکردنی یاساکان پێم گوتن: "دیالۆگ ئاوا دەنووسرێ!"

ئاوا هەڵەیە:
گوتم:
ـ جوان سەرنج بدەن! (واتە هەم دوو نووقتەی سەریەک و، هەم بۆڕ، پێکەوە هەڵەیە)
ئاوا درووستە:
گوتم: "جوان سرنج بدەن!"
هەروەها تەقەڵەکانیش لە سەرەتای دیالۆگەکان جیابکەنەوە.
-ئاوا نا!
- ئاوا!
-- ئاواش هەڵەیە، دوو تەقەڵ (ـ ـ) بۆ سەرەتای دیالۆک درووست نییە. دەبێ یەک تەقەڵ بێ (ـ).
٨ ـ لەزمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا هەڵەیە. بۆ نموونە ئەم وشانە هەڵەن: کۆێڕا، کۆوا، کۆێ، کۆێم... ئاوا درووستن: [کوێڕا، کوا، کوێ، کوێم...]

٩ ـ ئاهـ یش ئاوا دەنووسرێ: ئاهـ نەک ئاوا: اه [ لە زمانی کوردیدا "ئا" ئاوا نانووسرێ: "ا". ئەوەش "ە" ئەیە، نەک هێ. هێ ئاوا دەنووسرێ "هـ"]

١٠ ـ ئەم (;) نوقتە کۆمایە (خاڵبورە) بۆ تەختەکلیلی ئینگلیسییە، نەک کوردی، زۆرکەس ڕەچاوی ناکات، لەکاتێکدا ئەم خاڵبەندییانە زۆر گرنگن و دەبێ زۆر گرنگیان پێ بدەن.
ـ ئەم بۆڕ و خاڵبۆڕانە هەڵەن: ; ,
ـ ئەمانە درووستن: ؛ ،

١١ ـ تکایە هێمای سەرسووڕمان و پرسیار و نوقتەکانیش (خاڵەکانیش) بە سەرەتای ڕستە نوێیەکانتانەوە مەنووسێنن. بۆ نموونە:
ـ من ڕۆیشم.تۆ هاتی (ئەوە هەڵەیە)
ـ من ڕۆیشتم. تۆ هاتی (ئەوە درووستە)
ـ من بڕۆم؟!تۆ لێرەبی؟! (ئەوەش هەڵەیە)
ـ من بڕۆم؟! تۆ لێرەب؟! (ئەمە درووستە)

١٢ ـ ئەم خاڵانە و کۆمەڵێک خاڵی دیکە، کە ئەگەر تەنیا سەعاتێک کاتیان بۆ تەرخان بکەن و لە ئینترنێتدا سێرچ بکەن، زۆر هەڵەی نووسین و ڕێزمان و ڕێنووستان چارەسەر دەبێ.

تێبینی: ئەو کەسەی ئەم تایبەتمەندییە گشتییانە ڕەچاو نەکات، لە چیرۆکەڵەدا چیرۆکی بۆ بڵاو ناکرێتەوە. ئەو خاڵانەش وا باس کران "سەلیقەیی و مەندەراوردی" نین بەڵکوو یاسای گشتین و وەک چۆن بۆ لێخوڕی ماشێن دەبێ یاساکانی لێخوڕین بزانین و ڕەچاویان بکەین، بۆ نووسینیش دەبێ ئەو یاسایانە بناسین و، بۆ ئاسان خوێندنەوەی دەق (لێخوڕینی دەق) لەلایەن خوێنەرەوە دەبێ ڕەچاویان بکەین. بەوهیوایەی نووسەرانی کوردیش وەک وڵاتان گرنگیی زیاتر بە ڕواڵەت و پرستیژی کارەکانی خۆیان بدەن!

# بە تامر چیرۆک

**▪ ئاسۆ ـ سلێمانی:**

دایکمم هێنا مامۆستا!

برادەرێک کوتی: سونفی دووی ناوەندی بووم (٨ی بنەڕەتی). ڕۆژێکیان مامۆستا "سەردار"ی مدیر لێم توورە بوو گوتی بڕۆ نەیەیتەوە هەتا وەلی ئەمرەکەت لەگەڵ خۆت نەهێنی. لە دڵی خۆمدا گوتم خوایە! ئێستا بابم بێنم لێدانم مسۆگەرە، داکم بێنم ئێوارێ بە بابم بە لێدانم دەدا! لە ڕێیە لەو فکرانەدا بووم پیرەژنێکم دی لە ڕێیە عەلاگەیەکی پڕ سەوزەی بە دەستەوە بوو. وەڵا ئەمنیش خۆم لێی نزیک کردەوە گوتم: پوورێ ئەو عەلاگەت بۆ هەڵگرم هەتا ماڵێ؟ ئەویش گوتی: ئەرێوەڵا ڕۆڵە لەبەر ئەو بەژنەت دەمرم، خێریشت دەگاتێ. عەلاگەم بۆ هەڵگرت. نزیکی مەکتەب بوومەوە گوتم: پوورێ توو ئەو خوایەی لەگەڵم دێیە کن مامۆستا؟ ئەتوو هیچ هەقت نەبێ و قسان مەکە، مامۆستا هەرچی گوت ئەتوو دەنگێ مەکە، ئەویش ڕازی بوو. چووینە مەکتەب لە دەرکەی ژووری مدیریم دا و چوومە ژوورێ و گوتم:

ئەوە داکمم هێناوە مامۆستا! مامۆستا سەردار گوتی با بێتە ژۆرێ. پیرێژن هاتە ژوورێ. مامۆستا سەردار پیرێژنی دی و لە قاقای پێکەنینی دا. دەست و پێت بڕیبا وەهۆش خۆی نەدەهاتەوە. بە دەنگێکی بەرز گوتی: کوڕە هەی ساختەچی! کەس نەماوە دایکمت هێناوە؟ وەڵڵا ئەمن دەرەقەتی توو نایەم!

**▪ ع ـ باڵکانە:**

دۆستێک گێڕایەوە کوتی ڕۆژێک زەنگیان بۆ لێ دام کوتیان عەلی برات تەسادووفی کردووە بەڵام خۆت شیلوێ مەکە هەر دەموچاوی تۆزێک داڕووشەکاوە و ئێستاش لە ڕێگای نەخۆشخانەی پیرانشار داین، ئەتۆش وەرە بۆ نەخۆشخانە.

کوتی بەپەلە خۆم گەیاندە نەخۆشخانە ئەگەر چاوم بە دەموچاوی برام کەوت سێ ڕێم لە جەرگی پسان! چەنە و دەم و ددانی لە ڕەسمە چووبوون. بەغەریبی لە قولینچکێکی دەستم کرد بە گریان، کوتم بەخودای ناژی.

تاوێک دواتر بۆ چارەسەری زیاتر ناردیان بۆ نەخۆشخانەی ئیمامی ڕەزایە. دوای ماوەیەک حاڵی گشتیی باشتر بوو و هێنایانەوە ماڵێ. هەر لە سەر جێگا بوو پەڵپی پێ گرتین کوتی ژنم دەوێ. زۆری بە بەردا هاتین و چووین پاشگەز بێتەوە بەڵام دیار بوو ئەو بڕیاری خۆی دابوو.

بە ناعیلاجی زەنگم بۆ خاڵەمستەفام لێ دا و داوام لێ کرد بێ لەگەڵ عەلی قسان بکا بەڵکوو پەشیمان بێتەوە. خاڵم زۆر بەتێڕادیوی کوتی خەمتان نەبێ خوارزای خاڵی خۆیەتی قسە لە قسەی من ناکا!

خاڵم هات لە عەلی نیزیک بۆوە و کوتی: عەلیگیان! ژنهێنان و مێردکردن سوننەتی خۆشەویستە و کچ لە وەختی خۆی دەبێ شوو بکا و کوڕ لە کاتی خۆی پێویستە زەماوەند بکا بەڵام کاکە خودا ئەتوی لە نەبوون داوەتەوە، کەس بە تەمات نەبوو ئەلحانیش دم و ددانت بە جوانی لێک نابنەوە، سەبرێک بگرە با تەواو چاک بی، شەرت بێ بۆخۆم بۆت دەچمە داخوازی. عەلی قسەی بە خاڵم بڕی و کوتی: ئەرێ خاڵە ئەو شێر و ڕێوییە چییە بۆ منی دێنییەوە، خۆ نایجووم چکاری بە دم و ددانم داوە؟!

خاڵم کوتی: بابم یەک و دووی لێ مەکەن، بۆی بێنن، بەزاتی خودا بەینێکی دی بێژن بێ ڕووحم بە مەش ناکا!

تێبینی: ناوەکان خوازراون

## ▪ ئاران واران

ساڵەکانی 44 یان 45 هەتاوی کابرایەک هەورامی خەڵک "ژیوار" بۆ باوکم، کەرە و ڕۆنی حەیوانی و بە هاوینیشا جەوی و کەتیرەی ئەهێنا و دووکانی باوکم لە بازاڕ بەراتیان لە سنە بوو.

ئەوکات مناڵ بووم. کاحەمە هات و سەری پێچرا بوو(بانداژ کرابوو). براگەورەکەم پرسیاری کرد: ئانە چێشەن کا حەمە؟(ئەوە چییە کاحەمە؟)

وتی: چەنی کابرایە بی بە شەڕم و شەڕەکەما قورس بی و دانیشەنە و سەرش مڕنانی و منیش واتم تاتە حیز وەڵڵا جەداخوو تۆنە ملوو دووڕۆ کاناگایە وەروو وێم کەروو شێعە! واتا( لەگەڵ کابرایەک بوو بە شەڕم و شەڕەکەمان قورس بوو و لێی دام و سەری شکاندم و منیش وتم حیزباب وەڵڵا لە داختا ئەڕۆم بۆ "دووڕۆ" و کانادایێک ئەخۆم و خۆم ئەکەم بە شێعە!)

*تێبینی: مەبەستی نووشابەی کانادا بووە کە بە هەڵە وتویە کاناگا و لە سادەییی خۆیانا لەو سەردەمە پێیان وابووە هەرکەس لەوە بخواتەوە وەکوو مەشڕووب بخوا لە دین دەردەچێ و دەبێ بە شێعە کە لەلای وەکوو کافر بووە.

- "دووڕۆ" ئاواییەکەی شێخ عوسمانە و ها لە سۆڵاوا لە ڕێگای مەریوان.
- "ژیوار" ئاوایی هەورامی زوان و ها لە پشت دووڕۆ.

## ▪ ئالان:

لەو ڕۆژانەدا لەگەڵ شۆفیر تاکسییەک باسی قسە و شۆخی و گەپی ساڵانی زووی لادێیەکانمان دەکرد. کوتی: خەڵکی ئەوڕۆکە هەموو دڵمردوون و قسەی خۆش نەماوە. کوتی ئێمە لای گەورکایەتین، کابرایەکی لێ بوو "کوێخا حەولا"ی نێو بوو؛ زۆر قسەخۆش بوو و هەتا مرد هەر مجێوری مزگەوت بوو. مەلایەکی زۆر تووڕە و تۆسنیشمان هەبوو. [ئەمنیش دەمناسی] ڕۆژێکی زستان کە لە مزگەوت بەتەنێ دەبێ و هێستا جەماعت نەچوون لەپڕدا کوورە زەبەلەحە نەوتییەکە گرپە دەکا.

مەلا زۆر دەترسێ و هیچ وڵاتیش نەماوە و پڕە لە دووده. لەو دەمەشدا کوێخای مجێور دێتە ژووریٚ و مەلا دایدەگریٚ بە گلەییان: کوێخا بابم! کوا ئەوە کارکردنە؟! کوورە پڕماندوویەتی و هیچ وڵات نەماوە، دەبیٚ زوو زوو خاوێن کرێتەوە!

کوێخاش لەسەرەخۆ دەڵیٚ: وەڵاهی مامۆستا ئەوە ڕۆژگارە، کوورەش دەپڕمێنیٚ و کوێخاش دەپڕمێنیٚ و مەلاش دەپڕمێنیٚ!

مەلا دەڵیٚ: کوێخا ئەوە دەڵێی چی؟ ئاگات لە قسەکردنی خۆت هەیە؟

کوێخا دەڵیٚ: بەڵیٚ بەڵیٚ قوربان،

مەلا سوێند دەخوا لەو دێیە بڕوا. کەیخودا و ڕدێنسپی دەچنەماڵی مەلا و لەبەری دەپاڕێنەوە و دەڵێن کوێخا هەر وایە نابیٚ بە دڵی بگری، ڕدێنی سپییە.

مەلا ڕازی دەبیٚ و دەڵیٚ ئەدی مەلاژن چی، خۆ تازە ماڵی پێچاوەتەوە.

یەکێک لە کەیخوداکان هەڵدەداتیٚ و دەڵیٚ: مامۆستا ئەتۆ دانیشەوە، مەلاژن لە حۆدەی خۆم، جێبەجێی دەکەم!

وەڵا مەلا و کەیخوداکان زۆر پیٚ دەکەنن و کۆتایی بە بەزمی پڕمەی کوورە دیٚ.

*تێبینی: پڕماندن بۆ حەیوان و ماڵاتە

## ▪ زانیار دوڕگە:

دوو کەس بە نێوەکانی خالید و قادر خەڵکی گوندەکانی ئادە و خەلیفەلیان تووشی زگئێشە دەبن و تەما دەگرن بچنە کن دوکتوور مەولەوی.

کە دەچنە نێو ژووری مەتەب دەبینن پڕە لە نەخۆش و هەر جمەی دیٚ، هەروا بیٚ نۆرە دەچنە کن دوکتوور.

دوکتور دەزانیٚ بیٚ نۆرە هاتوون و هیچ وەڕووی خۆی نایەنیٚ، لێیان دەپرسیٚ چتانە؟

دەڵێن قوربان ژانەزگمان گرتووە. دوکتووریش نوسخەیان بۆ دەنووسیٚ و دەچن بۆ دەواخانە کە دەواکان وەرگرن.

بەرپرسی دەواخانە بانگ دەکا: قادرەکەرە!

قادر دەڵێ بەڵێ ئەمنم و دەواکانی وەردەگرێ. ئەوجار هەرا دەکا خالیدەکەرە! خالید ڕقی هەڵدەستێ و بە ناڕەحەتی دەواکان وەردەگرێ و دەچێتەوە لای دوکتور کە لەگەڵی بەشەڕ بێ. دەچنەوە ژووری مەتەب و هەر بە ڕەوتی جاری پێش یەکڕاست دەچنە کن ئاغای دوکتور.

خالید بە ناڕەحەتی دەڵێ ئاغای دوکتور ئەوە چییە نووسیوتە؟ بۆ ئێمە کەرین؟

دوکتوور دەڵێ ئەرێ وەڵڵا کەرن، ئەگە کەر نەبان ئاوا سەرتان دانەدەخست و نەدەهاتنە ژوورێ، ئەویش جارێک نا و دوو جار.

خالید ڕوو لە قادر دەکا و دەڵێ کوڕە خۆ بە غەوس ڕاست دەکا.

بەپەلە هەستان و دەرپەڕین. جا ئەوە خالید لە ڕێگا بە قادر دەڵێ کوڕە کەس لێت نەزانێ ها، قادریش کوتی کوڕە نانا و هەر بۆ سبەینێ هەموو خەڵکی تێ گەیاند.

*تێبینی: ئادە و خەلیفەلیان دوو گوندی سەر بە شاری نەغەدەن لە ناوچەی سندووس.

■ م ـ ص:

زەمانی زوو ژنی حاکمی شار گوێی لێ ببوو لە بەینی دم(لووت)ی زل و ئەسبابی زل پێوەندییەکی مانایی قووڵ هەیە! هەر بۆیە ڕۆژێک کاردار و نۆکەران ڕادەسپێرێ دەڵێ بڕۆن تەواوی شار لە سەنگ و سووژن دەن کێ دمی لە هەموان زەلامتر بوو بیهێنن.

لەسەر ئەمری خانم دەڕۆن بە هەڵکەوت تووشی کابرایەکی دووکاندار دێن؛ گۆڵە دمێکی کشاوەرزی پێوەیە دەستێک فەعلە لە بەر سێبەری دمی دەتوانن چای وەخۆن. پیلی دەگرن و دەیبەن. خانم ئەگەر چاوی بە دمی کابرا کەوت وەک حەوت مێشی لە کونێکدا دیتبنەوە خێرا دەستووری دا بیبەن بیشۆن. کە تەواو بوون خانم کوتی جا بیبەن بۆم لەو دیوی کەن ئێوە مەرەخەسن. خانم لە کابرای وەژوور کەوت و ئەمری پێ کرد لیباسەکانی دانێ. کابرای داماو بێ سێ و دوو خۆی ڕووت کردەوە بەڵام بە پێچەوانەی هزر و خەیاڵی خانمی حاکم، ئەسبابی دەتکوت قیچکە هارویێیە بە ئاو کەوتوە و وەک لۆتی مەیموون مردوو ملی بە لارەوە نابوو! خانم بەو وەزعە زۆر هەڵبەزییەوە. چاوێکی لە لووتی کابرا کرد و کوتی: ئەوە بۆ ئەسبابت لەگەڵ دمت نایخوێنێتەوە؟!

کابرا کوتی: جا بڵێم چی، خوداش بەشی منی هەر ئەوەندە داوە.

خانم کە دیتی بە سەر هەواری خاڵیدا کەوتووە جلەکانی پێ لە بەر کردەوە و ئەمری کرد دمی خشت خشت ببڕن. وەک ڕەوە گورگی برسی لە دمی کابرای ڕۆ هاتن و دمیان خشت بڕی و بۆیان پەڕۆپێچ کرد و ناردییانەوە ماڵێ.

کابرای داماو بە هەناسەساردی ڕووی لە ماڵێ کردەوە و بۆی کەوت. جا خزم و کەسی دەهاتنە سەردانی و لێیان دەپرسی: ئەرێ براله ئەتۆ بۆ وات بەسەر هات؟ ئەو دمەی تۆ بۆ بە بڕین چوو؟

کابرا لە وڵامدا دەیکوت: ئەوە شاهیدی بە ناحەقی داوە!

- **سەرچاوەی ستوونی "بەتامی چیرۆک:** "کاناڵی تێلێگرامی "با قسەی خۆش ون نەبێ"



Sergio Tassi